# تەکنەلۆژیای نوێ
# لە پەروەردەدا ڕۆڵی سلبی یان ئیجابی هەیە؟

سەردەمی ئێستا گۆڕاوە، تەنانەت لەگەڵ دە ساڵ لەمەوبەریش جیاوازی هەیە، قوتابی و خوێندکار تەنیا هەموو شتێکیان کتێب و دەفتەر و قەڵەم نییە، بەڵکو لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا، لاپتۆپ و تەبلێت و مۆبایل...تاد لە خوێندن و پەروەردەدا سوودی لێ دەبیندرێت، بەڵام ئایا ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە سوودی بە سیستەمی پەروەردەو خوێندن گەیاندووەو ڕۆڵی هەبووە لە باشتر خوێندنی قوتابیان یان لایەنی سلبی هەبووە؟

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ کە لەلایەن ڕێکخراوی پەرەپێدانی و هاوکاری ئابووری ئەورووپا ئەنجامدراوە دەریخستووە کە ئامرازە هۆشمەندەکان، یارمەتییەکی ئەوتۆ نادەن بە پەرەپێدانی سیستەمی خوێندن و گەشەکردنی ئاستی زانیاری خوێندکاران، ڕێکخراوی ناوبراو پێیوایە لەو سیستەمە پەروەردەییانەی کە زۆر لە کۆمپیوتەر سوود دەبیندرێ، ئاستی خوێندن و زانیاری قوتابیان دابەزیوە. ”ئاندریاس شلایخەر“ بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ناوبراو دەڵێت تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی دیجیتالی هیوایەکی درۆینەیی لە سیستەمی خوێندن لە هەموو جیهاندا دروست کردووە. هەلومەرجی ئەو قوتابیانەی کە تەبلێت و کۆمپیوتەر زۆرتر سوود وەردەگرن خراپترە لەو قوتابیانەی کە کەمتر ئەوانە بەکار دێنن، بۆ نموونە سێ وڵاتی ئوسترالیا و سوئید و نیوزیلاند کە زۆرتر لە ئینتەرنێت سوود وەردەگرن دەردەکەوێت کە ئاستی خوێندن و پەروەردە لەوانەدا دابەزیوە، دابەزینەکەش بە ڕوونی دیارە، خوێندکار لەبری ئەوەی خۆی ماندوو بکات پەنا بۆ ئینتەرنێت دەبات و وەڵامی پرسیارەکان لەوێ وەردەگرێت کە ئەمەش لە ڕیزی قۆپیە دێتە ژمار..



# کامێرای ئەکشنی کۆداک و تایبەتمەندییەکانی

کە باسی کامێرای کۆداك دەکرێت ئەگەر ئەوانەی لە ساڵانی هەشتاکاندا ژیابن، دەزانن کۆداك داهێنانێکی نوێی لە کامێرادا ئەنجامـدا، ئەویش وێنەگرتن بەبێ شـوردنەوە و هـەر دو خولـەك دوای وێنەگرتنەکە، وێنەکە لەسـەر کاغەزێکی تایبەت لە خودی کامێراکە دەردەچوو.

لە جیهانی دیجیتالیشـدا کۆداك نەوەستاوە، ساڵی رابردوو کۆداك کامێرای ئەکشـنی spixpro SP۳٦۰ی بە توانـای وێنەگرتنی ۳٦۰ پلە بەرهەم هێنا، ئەمسـاڵ پەرەی بـە کامێرای ناوبـراودا و توانـای کوالیتی وێنەگرتنەکەی بگەیەنێتە K٤. کامێراکە بە خێرایی ٥۰ فرێم لە چرکەیەکدا فیلـم هەڵدەگرێتەوە. جگە لەوەش دەتوانرێت لە حاڵەتـی (slow-motion) بە خێرایی ۱۲۰ فرێم لە چرکەدا وێنە بگرێت.

کۆداك رادەگەیەنێت کە کامێرا بەهێز و بچووکەکەی خـۆی کە لە پەنجەی دەسـتدا جێگای دەبێتەوە بۆ وێنەگرانی پیشەیی بەرهەم هێناوە. بەهۆی کەڤەرێکـی تایبەتی کە بۆ کامێراکـە دروسـتکراوە دەکرێـت لـە قوڵایی ئاویش وێنـە و فیلم هەڵبگریەوە.






# کیبۆرد تەبلێتی مایکرۆسۆفت شاشەی لەمسی هەیە

کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن مەودا و جیاوازی نێوان لاپتۆپ و تەبلێت کەم بکەینەوە نەیهێڵن، رەنگە لەمەولا نەزانرێت تەبلێتەکە لاپتۆپە یان لاپتۆپەکەت تەبلێتە، چونکە هەردوو بەشی کیبۆرد و شاشـەکە لێك جیادەکرێنەوە.. مایکرۆسـۆفت جۆرێك لەو کیبۆرد تەبلێتانەی بەرهەمهێناوە کە شاشەی لەمسیان هەیە..

کیۆردەکە کە بە display cover ناسراوە، شاشەیەکی هەیە لە جۆری E-ink بەکارهێنەر بەئاسانی دەتوانێ هەر بە کیبۆردەکە پرۆگرامە تایبەتییەکان بکاتەوە. جگە لەوەش دەکرێت کیبۆردەکە وەك تەختەیەکی دیجیتالی بەکار بێنی و بە قەڵەمێك کە بۆ ئەو مەبەستە داندراوە ئەوەی پێت خۆش بوو بینووسی و بیکێشیەوە.. کیبۆردەکە بۆ پرۆگرامە گرافیکییەکان بۆ وێنە فۆتۆشـۆپ زۆر بە سوودە و دەتوانی بەشە گرنکەکانی پرۆگرامەکە لەسەر شاشەی کیبۆردەکە دابنێی..

# باشترین شەحنکەرەوەی لاپتۆپ لە پیشانگای ساڵانەی ئیفادا

باتری لە لاپتۆپدا لە ریزی ئامێرە گرنگەکان دادەنرێت، ئەگەر باتری نەبێت چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان لاپتۆپ و کۆمپیوتەری سـەرمێزدا، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی مۆبایل چەند سـاڵێك لەمەوبەر پرۆتۆکۆڵێکیان واژۆ کرد کە بۆ هەموو مۆبایلێك یەك جۆرە شـەحنکەرەوە هەبێت، هەربۆیە ئێستا هەموو مۆبایلە هۆشـمەندەکان یەکجۆر شەحنکەرەوەیان هەیە..

بەڵام بۆ لاپتۆپ پرۆتۆکۆڵێکی وا نییە و هەر مارکە و شـەحنکەرەوەی تایبەت بەخۆی هەیە.

لە پیشانگای ساڵانەی IFA۲۰۱٥ دا کۆمپانیای zolt شەحنکەرەوەیەکی بەرهەم هێنا کە بە جۆری zolt laptop charger ناسراوە، دەکرێت بەهۆی ئەو شـەحنکەرەوەیە لاپتۆپێك و دوو ئامێری دیکە پێکەوە شـەحن بکاتەوە. بۆیە تا ئێستا ئەم شەحنکەرەوەیە بە بەهێزترین شـەحنکەرەوە داندراوە. شەحن کەرەوەکە دەکرێت رێژەی وزە بۆ هەر ئامێرێك رێك بخات، تاکو لە کەمترین ماوەدا شەحن بکرێتەوە.






## ئامێرێک بۆ ڕێکخستنی وزەی کارەبا

ئێوە دەزانن کە وڵاتانی جیهان هەموویان لە ستانداراداد واتە شێوازێکی تایبەت بۆ ڤۆلتاژی کارەبا سـوود وەرناگـرن! لە هەندێك وڵاتدا ئەو جۆرە پلاکانەی کارەبا کە ئێمە لێرە سـوودیان لێوەردەگرین کە سێ کونی سێ گۆشەیی شێوەیان هەیە نابیندرێت. ئەوانەی کە گەشت دەکەن یەکێك لە گرفتەکانیان کێشـەی ئەو پلاکانەیە..بۆ نموونە لێرە شـەحنکەرەوەیەکی دووسەریان هەیە بەڵام لەو وڵاتەی بۆی دەچن پلاکەکان سـێ سـەرن. یان پێچەوانە یان جۆرێکی ترن.. ڕێگای چارەی ئەمە سوود وەرگرتن لە ئامێری Fospowerە ئەو ئامێرە ترمێناڵێکی جۆراوجۆرە پێکهاتووە لە هەموو سیسـتەمێکی کارەبایی، وەك کارەبای باتری، کارەبای سەرەکی. ئامێرەکە لەگەڵ شێوازی کارەبای ١٥٠ وڵاتی جیهان دەگونجێت، دوو شوێنی USB تێدایە کە دەتوانرێت بۆ گشت جۆرە مۆبایل و تەبلێتێك بگونجێت.

## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخ




## مۆنیتۆرێکی تایبەت و کاراییەکی زۆر

مۆنیتۆر لە راسـتیدا چاو و گوێـی کۆمپیوتەرە، بەبێ مۆنیتـۆر کۆمپیوتـەر هیچ سـوودێکی نابـێ، مۆنیتۆر لەم دە سـاڵەی دواییدا پێشـکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە دی، لە شاشـە قورسـەکانەوە بگرە کە لەکاتی سەیرکردنیدا چاوەکانـت ئازاری دەدیت، هەتا ئـەو مۆنیتۆرانەی کە وەك پـەڕی کاغەز تەنکن و هیچ کێشـێکیان نییـە. یەکێك لە مۆنیتۆرە سـەرکەوتووەکان شاشەی جۆری Benq XL2730Z کە ٢٧ ئینجە و کوالیتیەکەی سـەرۆی فول ئیچ دییە، ئەو دیمەنانەی کە لەو شاشەیەدا دەبیندرێن ئەوەندە روون وەك ئەوە وایە سەیرئاوێنەیەکی پاك بکەی. سیستەمی low blue light تێدایە کە بەهۆیەوە هیچ زیانێك لە کاتی سەیرکردندا بە چاوەکانت ناگات. بەشـێك لە تواناکانی ئەمانەن: شـوێنی دانانی کێبڵی HDMI شوێنی دانانی DVI-DL و هەروەها دانانی D-Sub و سێ شوێنی دانانی USB. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشـدا کۆنترۆڵی جۆری S لەگەڵدایە بە هـۆی ئەو کۆنترۆڵەوە دەتوانرێت ڕێکخسـتنی و دەستکاری شاشەکە بکەی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**پرسـیارێك کە لە راسـتیدا هی چەندین خوێنەرە، ئەوەیە کە دەپرسـن: کاتێ میمۆری ناوخۆی مۆبایلەکانمان پڕ دەبێت و تەنانەت ناتوانین وێنەیەك بکێشین، دەبێت وێنەیەك یان گرتەیەکی ڤیدیۆیی فڕێ بدەین، ئەوکات وێنە بگرین، یا پرۆگرامێك دابنێین. ئایا بۆ گواستنەوەیان بۆ سەر کارت میمۆری دەبێت چ بکەین؟**

خوێنەرانی بەڕێز، پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان ڕێکخسـتن و پێداچوونەوە بە رام و میمۆری مۆبایلە، یەکێك لە باشـترین پرۆگرامەکانیش پرۆگرامی ESfiles explorer کە بە ئاسـانی لە گوگل پلای دەست دەست دەکەوێت، بەهۆی پرۆگرامەکە دەتوانی بە ئاسانی ئەوەی پێویستت بێت لە میمۆری ناو مۆبایلەوە بگوازیەوە بۆ میمۆری کارت..

## ستنەوەی درایڤەکان

ڕێکخستنی درایڤەکانی کۆمپیوتەر، یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی کۆمپیوتەرە، چونکە هاردوێرەکان واتە سەختە ئامرازەکان وەك، کیبۆرد، سپیکەر، ماوس، مۆنیتۆر.. تاد. کاتێك دەتوانین کارایی باشیان هەبێت کە بتوانن لەگەڵ سۆفت وێر واتە نەرمە ئامراز هاوئاهەنگ بن، ئەوە درایڤەرە کە دەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات. کاتێك کە درایڤەکان ئەپدیت بکرێنەوە، سەختە ئامرازەکانیش دەتوانن باشتر کار بکەن. پرۆگرامی drivermax بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، پرۆگرامەکە هەم ئەرکی ئەپدیت و هەم ئەرکی ڕێکخستنەوەی درایڤەکان ئەنجام دەدات بەشێوەیەی ئۆتۆماتیکی درایڤەکان دەناسێت. دوایین ڤێرژێنیان لە سایتەکان وەردەگرێت.




## ئامێرێک لە خزمەت پەککەوتەکاندا

"ویلچەر" واتە پایسکلی تایبەت بە پەککەوتەکانە، ئەم پایسکیلە یان دەبێت کەسێك لێی بخوڕێت یان دەبێت وزەیەکی وەك باتری هەبێت کە ئەرکی لیخوڕین ئاسان بکات. لەم ماوەیەدا ئامێرێك بۆ لێخوڕینی "ویلچەر" دروستکراوە بەناوی smart-drive MX2 کە دەکرێت لە هەموو ویلچەر پەیوەند بدرێت. بە چەند هەنگاوێك بچووك دەتوانی ویلچەرەکە کۆنترۆڵ بکەی، وەك بەکارهێنەر خۆی بۆ پێشەوە بجوڵێنێ دەڕوات و بەدەست زەربەیەکی لێبدات دەوەستێت. ئامێرێکە کێشی نزیکەی شەش کیلۆیە، بە مۆبایلیش کۆنترۆڵ دەکرێت.







## سایتێک بۆ دیزاینی لۆگۆ و ئارم

چەند سایتێك هەن لە ئینتەرنێتدا کە خزمەتگوزاری دروستکردنی ئارم و لۆگۆیان هەیە، لەو سایتانەدا بەکارهێنەر بەئاسانی دەتوانێ لۆگۆی مەبەستی خۆی دروست بکات، یەکێك لەم سایتانە سایتی typographymaker، چۆنییەتی کارکردن لەم سایتەدا وەك پرۆگرامی فۆتۆشۆپە، دەبێ لە سەرەتادا فایلێکی دەق بنووسی، پاشان دەقەکە بەهۆی ئەو فۆنتانەی کە لە پرۆگرامەدان دەستکاری بکەی و لە شێوە ئەندازەییانەی کە تێیدایە لۆگۆی خۆت هەڵبژێری..